# هەموو شت بە خوێ؛ خوێش بە مانا

رزگار حەساری

ماوەیەکە زۆربەی کەناڵە راگەیاندنەکانی شاری هەولێر، بەشێوەیەکی چڕوپڕ باسی رۆڵی بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر دەکەن، باسکردنەکەش بە رادەیەک زێدەڕەوی تیا کراوە، کە رەنگە لە قەبارەی راستەقینەی پرۆژەو چالاکییە خزمەتگوزارییەکانی بەڕێز پارێزگار، زۆر زیاتر بێ و خەریکە حکومەتی هەرێم و ئیمکانیاتە ماڵییەکەشی تێدا فەرامۆش بکرێ، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم هەموو پێداهەڵگوتنە بمانەوێ و نەمانەوێ، خەتی راست و چەپ هێنانە بەسەر کارو چالاکی ئەو بەڕێزانەی پێش کاک نەوزاد پارێزگاری هەولێر بووینە، دەی ئەگەر پارێزگارەکانی پێشوو، بەپێی پێویست خزمەتگوزارییان پێشکەش بە شاری هەولێر نەکردبوو، بۆچی راگەیاندن لە هەمبەر ئەو پرسە گرنگە بێ دەنگییان هەڵبژاردو رەخنەیان نەدەگرت!! کە ئەسڵ وابوو رەخنەیان بگرتایەو ناچاری خزمەتکردن بوونایە؛ خۆ ئەگەر ئەوانیش خزمەتگوزارییان پێشکەش کردبێ و بەڕێژەیەکی کەم یا زۆر، هەر مانای ئەوە نییە کە ئەوان هیچیان نەکردبێ و بەڕێز پارێزگاری ئێستا هەموو کەندو کۆسپێکی تەخت کردبێ و ئاوا بەو شێوەیە باس بکرێ!، نەخێر راستەکەی ئەوەیە؛ کە زۆر کەم، خزمەت بە خەڵکی هەولێرو شارەکەی کراوە، ئەوەی ئێستاش دەکرێ هەر درێژەپێدەری بەرنامەکاری ئەو بەڕێزانەی پێشووەو، بە هیچ جۆرێکیش بەپێی پێویست نییە!!

ئێستاش حەز دەکەم بپرسم؛ کامانەن ئەو کارو پرۆژە خزمەتگوزارییە گرنگانەی ئەنجام دراون یان لە بەرنامەکاری هەنووکەییدانو؟ لەپێش دەست بەکار بوونی بەڕێز نەوزاد هادی، پەی پێ نەبردراوە؟!، ئایا نیشتەجێ بوون کە سەرەکییترین کێشەی هاووڵاتیانی هەولێرە چارەسەر کراوە؟، ئایا یاسایەک بۆ ئەو بەرز بوونەوە لە رادەبەدەرەی کرێ خانوو دانراوە، کە هەر خاوەن خانوویەک پشت بە ویژدانی خۆی دەبەستێ بۆ ئەو کارە (دیارە ویژدانی هەندێ دەوڵەمەندیش بەرامبەر بە هەژاران لە چ ئاستێکدایە)، یان رۆژی چەند کاتژمێر رۆشنایی کارەبا دەبێتە میوانی ماڵە هەولێرییەکان، رێگاوبانەکان بە گشتی هی ئەوەن شانازی پێوە بکرێ؟!، نازانم بەرپرسان بەگشتی چۆن لە ئاست ئەو پرسە بێدەنگن!! هەر بۆ نموونە شەقامی سەرەکی کەرکووک لە چوار رێیانی (١٠٠) مەتری تا دەگاتە (مرور) دوو ساڵە هەوڵ دەدرێ شەقامەکە فراوان بکرێتەوەو هەر تەواو نەبووە، ئەو بەشەی کە تازە قیرکراوە، کە دوو مانگ نابێ قیرەکەی تەواو بووەو ئێستا لە زۆر شوێن تاسەی تێ کەوتۆتەوە، لە دوای رووخانی رژێمی صدام تا ئەمڕۆ سەدان کارەساتی جەرگبڕ لە شەقامی هەولێر کەرکووک رووی داوەو دەیان کەس گیانیان لە دەست داوەو زەرەرو زیانێکی ماڵی زۆریشی لێ کەوتۆتەوە، ئایا بیر لە فراوانکردنی شەقامەکە کراوەتەوە؟، ئەی ئەم کارو پرۆژانە ئەرکی کێن؟! ئاوو ئاوەڕۆ زۆر بێ کەموکورین؟!!، سووتەمەنی بە هەموو جۆرەکانییەوە؟!، گواستنەوە (بەداخەوە دوای ئەوەی لەلایەن دەزگای پەیوەندارەوە نرخ بۆ هاتووچۆ دانرا، کەچی کەس

پەیڕەوی نەکردو بۆ نموونە پاسەکانی ناو شار (٢٠٠) دیناریان بۆ دانرا، ئێستا (٢٥٠) دینار وەردەگیرێ، بۆ تەکسی نەفەرات (٣٠٠) دینار بڕیاردرا، کەچی لە (٥٠٠) دینار کەمتر وەرناگیرێو...هتد، لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا بۆ ئۆتۆمبیلی ژمارە هەولێر بەنزین زۆر ئاسانو بەنرخی حکومەت دەست دەکەوێ)، سەرباری هەموو ئەمانەش ئەو گرانییە پشت شکێنەی بازاڕ کە بۆتە مۆتەکەو دەستی لە بیناقاقای خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت گیرکردووەو بەرەو مەرگێکی لەسەرخۆی دەباتو، بۆ نموونە دەسکە سلق-ێک لە هەزار دینار کەمتر نییە، کیلۆی تەماتە لە (١٠٠٠) دینار بەسەرەوەیە، کولەگە بە (١٠٠٠) دینارە، پرتەقاڵ بە (١٥٠٠) دینارە، سێو (١٥٠٠) دینارە، مۆز بە (٢٠٠٠) هەزار دینارە، هەنار بە (١٥٠٠) دینارە. راستە مەعاشی خەڵک بە رادەیەک زیادی کردووە، وەلێ هەرگیز لەگەڵ ئەو گرانییەی ئێستا بەراورد ناکرێتو لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەردەوام لە کەناڵە ناوخۆییەکانی هەولێر باس لەم مەسەلانە دەکرێ و ریپۆرتاژیان لەسەر دەکرێ بە تایبەتی لەسەر گرانی... کە ئەم پرسە گرنگانە بە پلەی یەکەم ئەرکی بەڕێز پارێزگاری هەولێرەو تائێستاش بە کردەوە هیچی بۆ نەکراوە!!، ئێمەش هەر ئەوەندەمان لە دەست دێ خۆزگە بەو رۆژانە بخوازین کە گەمارۆی ئابووریمان لەسەر بوو.

هەڵبەتە لەم یەک دوو دێڕەدا مەبەستم کەمکردنەوەی هەوڵ و ماندووبوونی بەڕێز پارێزگار نییە، بەقەد ئەوەی کورد گوتەنی: هەموو شت بە خوێ، خوێش بەمانا.

*تێبینی: ماوەی دوو هەفتەیە کارەبای هەولێر بە رادەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.*